# پارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (٢٩٦٠)] **ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بۆ پرۆژەی : کــاری پاککردنەوەو ئوتێلەوانی نەخۆشخانەی سووتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری لە سلێمانـــــــی ( دووەم جار).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات که ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ فرۆشتنی تەندەر ) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار ی عێراقی که ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەر کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی که تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی (٢٠١٥/٠٦/١٥) دەست پێ دەکات تا رۆژی (٢٠١٥/٠٦/٢٨) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (٢:٠٠) ی پاش نیوەرۆ ,تەنها رۆژانی پێنج شەممە وەرگرتنی تەندەر تا کاتژمێر (١:٠٠) ی پاش نیوەرۆ دەبێت .

٢- رۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٩/ ٠٦/ ٢٠١٥) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەرۆ دەبێت .

٣- رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە رۆژی ( ٣٠ / ٠٦ /٢٠١٥ ) کات ژمێر (٩) پێش نیوەرۆ دەبێت.

٤- هەر رۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی رەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم رۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : (٣٦٥) سێ سەدو شەست و پێنج رۆژی رۆژمێری

٦- پێویستە بەڵێندەر لەکاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وەتیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات.

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی رێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنیان بۆ کاری خزمەتگوزاری یان پاککردنەوە هەبێت و یان کاری هاوشێوەیان هەبێت و هەروەها پێناسی ژووری بازرگانیان هەبێت و ماوەکەی بەسەر نەچووبێت .

٢- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٣- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن .

٤- بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینارە بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) رۆژ پێشکەش دەکرێت.

٥- بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت ,ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٦- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٧- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) رۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

وێنەیەك بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب.گ.تەندروستی سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی ئاسایی ب.گ.ت.سلێمانی ساڵی ٢٠١٥.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بلاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.suligov.com بکە .

سەردار قادر علی

جێگری پارێزگار بۆ کاروباری

هونەری

٢٠١٥/٠٦/١٥